# تێنەگەیشتووی من چ مانایەك بە تۆ دەبەخشم



سەدەیەك  بەر لە هاتنم بۆ ئێرە دەمزانی
قەدەری پەرەسێلکەکەکان وادەخوازێ
کە دەبێ کۆچ بکەن
دەمزانی بە مانەوەیان
سەرما دەیانکوژێت
کۆچی ئەوان .. کۆچی من بوو
ئەمە دواهەمین دوعا خوازی منە لە تۆ
لەگەڵ تۆمە ... ئەی یار لەگەڵ تۆمە
چیتر بەلای رووبارەکاندا تێنەپەریت و
گوێ لە هاژەیان نەگری
ئەوان زۆر توڕەن لە درۆ پەمەییەکانت
گەر بەر شەپۆلیان بکەویت
دەتخنکێنن
چیتر سەیری مانگ مەکە با ئەو تریفە جوانەی
چاوە سەوزەکانت کوێر نەکات
مانگ دڵگرانە لە شکانی پەیمانەکانت
بیرە وەریەکانی تۆی دەگێڕایەوە
ئەو شەوانەی کە چاوەکانی بۆمان دەگریا
بە چەپکێك خیانەتەوە
دەگریایت و لە تەنیایدا هاوارت بۆم دەهێنا
من و مۆبایلێکی بێ گیانت لە دڵەوە دەگریاند
کێ دەیزانی ئەمە لە بارچوونی منداڵێکی ترە
کێ دەیزانی ئەمە خیانەتە لە من و خودا
(ئەی خودا حەقت کردووە نا حەقت نەکردووە)
چاوەکانت هەمیشە فریوی دەدام
بولبولێکی دیل بووم

کلیلی قەفەسەکەم لەدەستی تۆ بووم

دیلی گەلێك مانا دەدات

تۆ لە مانای نەگەیشتبووی

چەند بێ تامە ئەی یار عەشقت چەند تاڵ بوو

چەند دزێوە ئەی یار سوزت چەند بەتاڵ بوو

چەند نەشمیلە ئەی مانگ تریفەمان پڕ بەرائەت بوو

چەند جوانە ئەی رووبار شەپۆڵمان پڕ عەشق بوو

ئێمەش هەموو دەرگاکانمان داخست و

زانیمان عەشقت لە عەرعەر ئەنفال بوو

چیتر چاوەڕوانی گەرانەوەت ناکەین

چیتر چاوت  فریومان نادات

شنەی شەماڵ لای تۆی تەرك كردو

ئیدی بەس رەشەبایە

چیتر دڵی رۆنم یاری مەرگ و ژیانت

لەگەڵ ناکات

تۆ دڵێکی رەشت مەبەستە

چیتر چاوەڕوانی ئەو زەنگانە مەکە

لە بیابانەوە بۆت دەهات

منیش بیابانم جێهێشت

چیتر نوێژ مەکە ئەی بێ ئیمان

خوا بە تۆ فریو نادرێت

نوێژەکانت ئەو گوناهە گەورەیەت لەسەر لانابات

دڵی خواشت لێ شکاوە ئەی مولحید

دۆزەخیش قبوڵت ناکات

ئەی بەرد

هەموو ئاوێنەکانت شکاند کەیەکترمان

تیا بینی بوو

هەموو ئەوزەویە پیرۆزانەت سوتاند

که جیژوانی ئێوارەیەك بوو
عەشقێك لەم غروبەدا چەند جوان بوو
کوشتت بە ساتێك لە تاریکیدا
بیرەوەریەکان چەند ناسك بوو
سووتاندت لە نووشتەی جادوگەرێکدا
دیاریەکان چەند نەشمیل بوو
سوتاندت لە باخی رەشدا
ئەو ئاسمانەی پڕ هاواری بەرائەت بوو
پڕ لە پەڵەی رەشت کرد لە بەهارێکدا
ژیان چەند شیرین بوو
تاڵت کرد لە شەوێکدا
ئاە ئەی یار ئەو هەموو نەفامیە چی بوو
لەپرێکا خۆی لێئالاندی
واز لە خوێندنەوەی هێڵەکانی دەستت بێنە
تێنەگەیشتووی من چ مانایەك بە تۆ دەبەخشم
ئەوسای تێدەگەیت زۆر درەنگە
هیچ شتێك بە تۆ مانا نادات
خۆر دەمێکە ئاوا بووە
شار کۆخە کۆخیەتی , ساڵ ریشی درێژو سپی
زۆر پیر بووە
لە ئاوێنەکەی بەرامبەرت سەیری خۆت بکە
ئەوە تۆشی پیتر لە پیری ئەی یار

**ئارام رەمەزان**
13\2\2006
asalaie@yahoo.com